# هەڵسەنگاندنی زیانەکانی مۆزەخانەی موصڵ

نوسینی: (کریستۆفەر جۆنیز خویندکاری دکتۆرا لە زانکۆی کۆڵۆمبیا/ نیۆرک

٢٠١٥/٢/٢٧

وەرگێڕان و پەراوێزدانانی: (عثمان توفیق فتاح) م.ی زانکۆی سلێمان

٢٠١٥/٥/٥

# Assessing the Damage at the Mosul Museum

Written by: Christopher Jones

27/February 2015

Translated into Kurdish by: Othman Tawfeeq

5/5/2015

(othman.tawfeeq@univsul.edu.iq)

# ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| بەشی یەکەم: شوێنەوارەکانی سەردەمی ئاشوری | ٢ |
| دەروازەی نرگال | ٣ |
| دەروازەکانی بالوات | ٧ |
| ئاژەڵە باڵدارەکانی تر | ١٠ |
| نەخشە هەڵکۆڵراوەکان | ١٠ |
| پەیکەری سەرجۆن | ١٥ |
| کۆتای بەشی یەکەم | ١٧ |
| بەشی دووەم: پەیکەرە داتاشراوەکانی هاترا(حضر) | ١٩ |
| پەیکەرە داتاشراوەکانی پادشاکانی هاترا | ٢٠ |
| پەیکەرە پەوەستاوە گەورەکانی تر | ٢٥ |
| ئەو پەیکەرەی کاریگەری یۆنان– ڕۆمی لەسەرە | ٢٩ |
| پەیکەرە بچوکەکانی تر | ٣٣ |
| کۆتایی | ٤٢ |
| سەرچاوە ئینگلیزیەکان | ٤٣ |
| وێبسایتەکان | ٤٤ |
| سەرچاوە عەرەبیەکان | ٤٤ |

## پێشەکی

لەناوبردنی شوێنەوار لەژێر هەرناوێك بێت، واتە سڕینەوەی بەشێك لە مێژوو. مێژووش موڵکی نەتەوەیەك نیە بەتەنها بەڵکو موڵکی هەموو گەلانە. هەر بۆیە لەکاتی تاڵانکردنی مۆزەخانەی عێراقی لە ٢٠٠٣ و وێرانکردنی کۆمەڵێك لە شوێنەوارەکانی مۆزەخانەی موصڵ ناڕەزایەتیەکی تاڕادەیەك جیهانی بەدوادا هات. ئەمەش بەشێوەیەکی ڕوون ئەوە ئەگەیەنێت کە خەڵکانێکی زۆر خۆیان بە خاوەنی شوێنەوار ئەزانن جا لێرە بێت یان لەوێ. هەربۆیەشە ساڵانە ڕێکخراوی یونسکۆ لیستی ناوچە شوێنەواریە جیهانیەکان زیاد ئەکات، ئەمەش مانایی ئەوەیە کە ئەو شوێنە شوێنەوارییە لە لۆکاڵیەوە ئەبێت موڵکی هەموو گەلان.

مۆزەخانەی موصڵ بەپێی هەڵکەوتەکەی، کە کەوتوەتە ناو جەرگەی شارستانیەتی ئاشوری کە هەزاران ساڵ ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی جیهان بوە لە سەردەمی گەشەسەندی ئیمپراتۆریەتەکەدا سنوری لە ئەنادۆڵەوە بۆ میصرو لەقبرصەوە بۆ ئێران بوەو پایتەختەکەی لە موصڵی ئێستا بۆە. ئەمەش وایکردوە کە بەشێکی زۆری میراتی ئەو شارستانیەتیە بۆ مۆزەخانەی موصڵ بەجێی بمێنێت، هەرچەندە کۆمەڵێکی زۆری شوێنەوارەکان لەسەدەکانی ڕابردوو برانە دەرەوەی عێراق. مۆزەخانەی موصڵ شوێنەوارەکانی هی هەمان ئەو خاکە بو کە شوێنەوارەکانی لێدروستکراوە. ئەمەش خەسڵەتێکی تایبەتی بەو مۆزەخانەیە بەخشیوە.

لەم چەند لاپەڕەی داهاتودا نوسەر هەوڵئەدات بە ووردی تیشك بخاتە سەر هەموو ئەو شوێنەوارانەی کە لە مۆزەخانەی موصڵ لەناوبران بیان ناسێنێت. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بزانرێت زیانەکانی ئەو لەناوبردنە چەندە گەورەیە؟ لە وێب سایت و ڕۆژنامەکاندا بەزمانە بیانیەکان زۆر لەسەر ئەم زیانانە وتراوە و نوسراون، بەڵام بەزمانی کوردی و بۆخوێنەری کوردی شتێکی ئەو تۆمان نەبینی جگە لە چەند چاوپێکەوتنێك لە کەناڵە بینراوەکانی کوردستان لەساتەکانی بڵاو کردنەوەی ڤیدیۆکەدا. هەربۆیە بەباشم زانی ئەم هەڵسەنگادنە کە شوێنەوارناسی ئەمەریکی کریستۆفەر جۆنیس لەدوو ڕۆژی پاش بڵاوکردەوەنی ڤیدیۆکەدا ئەنجامی داوە بکەم بەکوردی. شیاوی باسە، ئەمە یەکێکە لە باشترین لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان کە نوسرابێت لەسەر زیانەکانی مۆزەخانەی موصڵ. تێبینیەك کە لەسەر ئەم نوسینە هەیە ئەوەیە کە نوسینەکە زیاتر بۆکەسانی شارەزای شوێنەوارییە نەك بۆ هەمموو خوینەرێك، هەربۆیە لەگەڵ وەرگێڕانەکەدا هەوڵ ئەدەم پەراوێز دابنێم لەو جێگایەی کە پێویست بکات، بۆئەوەی گونجاو بێت بۆ ژمارەیەکی زۆرتری لە خوێنەران.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کراوە بە دوو بەشی سەرەکیەوە: بەشی یەکەم باس لە شوێنەوارەکانی سەردەمی ئاشوریەکان ئەکات کە مێژووەکەیان بۆنێوان (٨٨٣-٦١٢) ساڵ پێش زاین ئەگەڕێتەوە. واتە سەردەمی ئیپراتۆریەتی ئاشوری نوێ. بەشی دووەم: باس لەو زیانانە ئەکات کەبەر شوێنەوارەکانی شاری هاترا کەوت کە مێژەکەیان بۆ نێوان ( ٢٤٧پ.ز – ٢٤١ز) ئەگەڕێتەوە. شوێنەوارە ئاشوریەکان بەشێکی زۆریان لێکۆڵنەوەیان لەسەر کراوە و ژمارەیەکی زۆر کتێب یان لە سەر بڵاو کراوەتەوە، بەڵام شوێنەوارەکانی شاری هاترا لەبەر ئەوەی زۆربەی کنەوپشکنینەکانی لەسەدەی بیست دا کراوە و لەو سەدەیەشدا عێراق هەردەم لەکێشەی سیاسیی و ئەمنی دا بوە نەتوانراوە لێکۆڵنەوەی تەواو لەسەر شوێنەوارە دۆزراوەکانی شاری هاترا( حضر ) بەتەواوەتی بکرێت. ئەم کەمی لێکۆڵینەوەیە شارەزایانی بواری شوێنەواری زیاتر نیگەران کردوە، چونکە بەشێك لە شوێنەوارەکانی شاری هاترا بۆهەمیشە بەبێ زانیاری لە ناوچون.

لە پەراوێزەکەدا لە هەرجێگایەك وەرگێڕ تێبینی یان سەرچاوەیەکی دانابێت لە کۆتایی نوسیویەتی وەرگێڕ. بریتین لەو ڕوونکردنەوانەی کە وەرگێڕ بەکاری هێناون بۆپێدانی زیاتری زانیاری بەتایبەتی بۆ ناوی کەسایەتی، شوینەکان و هتد. ئەمەش لە پێناوپاراستنی مافی نوسەرە و بۆجیاکردنەوەی نوسینەکانی نوسەرە لەوانەی وەرگێڕ.

**وەرگێڕ**

## هەڵسەنگاندی زیانەکانی مۆزەخانەی موسڵ

## بەشی یەکەم: شوێنەوارەکانی ئاشووری

دوێنی* کۆمەڵێك چەکداری گروپی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) ڤیدیۆیەکی تازەی پروپاگەندەیی (ڕیکلام بۆخۆکردنیان) بلاّو کردەوە، ئەم ڤیدیۆیە لەهەمووئەوانەی کەپێشتر بلاّویان کردبوەوە لەسەرەتای کەوتنی موسڵەوە لەهاوینی پارەوە ترسناك ترین بوو: کە بریتی بوو لە وێرانکردنی شوێنەوارەکانی مۆزەخانەی موسڵ. ئێستا بەشێکی زۆری خەڵکی لە جیهاندا فیدیۆکەیان بینیوە، ئەوەی کەلە هەموو دەزگا هەواڵیەکاندا بلاّوئەکرێتەوە. ئەم پۆستەو ئەوانەی دواتریش هەوڵێکە بۆ دەستنیشان کردنی ئەوەی کە لە دەست چووەوە هەڵسەنگاندنی زیانەکان.

وەك لە فیدیۆکەدا دیارە وتەبێژی گروپەکە باس لەپاساوی وێرانکردنەکە ئەکات. دەزگای ( International Business Times)[1] قسەکانی وتەبێژەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئیگلیزی. ووتەبێژەکە ئەڵێت : "ئەم پاشماوە شوێنەواریانە کەلەپشت منەوەن، ئەمانە بتن و پەیکەرەکانیش لەلایەن خەڵکەوە بەکارهاتون بۆپەرستن لەبری خوا (الله). ئەوانەی کەناسراون بە ئاشوری وئەکەدییەکان وئەوانی تر ئەوبتانەیان پەرستوەو بەخواوەندی شەڕ، باران و کشت وکاڵ ناسیویانن و قوربانیان بۆکردون....پیغەمبەر (د.خ) بتەکانی بەدەستەکانی خۆی شکاندوە کاتێك چوەتە مەککە. ئێمە فرمانمان پێکراوەلەلایەن پێغەمبەرمانەوەکەبتەکان بشکێنین ووێرانیان بکەین، وەهاوەڵەکانی پێغەمبەر (د.خ) ئەمەیان کردوە لەپاش ئەو لەکاتی ڕزگارکردنی وولآتاندا".

پاشان لەبەشێکی مونتاج کراوی ڤیدیۆکەدا چەکدارەکان پەیکەرەکان ئەخەنە خوارەوە وپارچەپارچەیان ئەکەن بەبەکارهێنانی پیك و هێڵتی کارەبایی. ئەوشوێنەوارانەی کە شکێنراون دابەش ئەکرێن بۆ دوو گروپ: یەکەم : نەخشە (نەحت)ەکانی شاری هاترا[2] **(حضر)** کەشارێك بوە لە سەردەمی ڕۆمانەکان ئەکەوێتە بیابانێك لە باشوری شاری موصل، دووەم: شوێنەوارو پەیکەرەکانی سەردەمی ئاشوری لەشاری نەینەواو شارەکانی دەوروبەری وەك (خرساباد کە ناوەکۆنەکەی دوورشروکین و دەرگاکانی بالوات). لەم بەشەدا زیاتر باس لە شوێنەوارەکانی ئاشووری ئەکەرێت و لە بەشی دووەم باس لە شوێنەوارەکانی شاری هاترا ئەکەرێت.

---

* مەبەست لە دوێنی ڕۆژی ٢٦/٢/ ٢٠١٥ ئەو کاتەی فیدۆی ویرانکردنی شوێنەوارەکانی مۆزەخانەی موسل بلاوکراییەوە لە لاەیەن گروپێك لە چەکدارەکانی داعش. [وەرگێڕ]

[1] دەزگایەکی هەواڵی نێودەوڵەتی دیجیتاڵە کاربۆئەیاندنی هەواڵی بازرگانی ئەکات لە جیهاندا، نوسینگەی سەرەکیان لە لەندەنە.[ وەرگێڕ]

[2]- هاترا کەبە **(حضر)** ناسراوە، ئەکەوێتە ناو سنوری عێراق شارێکی ئاینی بازرگانی بوە بەدووری ١١٠کم لەشاری موصل، لەسەدەی دووەم پ.ز گەشەی سەندوە،کاریگەری ئیپراتۆریەتی ئەشکانی لە سەر بوە زۆربەی جار لەبەر لایەنگیری بۆ ئەشکانیەکان بەر هێرشی ڕۆم کەوتوە. (http://whc.unesco.org/en/list/277 ). [وەرگێڕ]

## دەروازەی نرگال (The Nergal Gate)



وەك لە وێنەکەی سەوەرەودا دیارە وتەبێژی گروپەکە لە ناودەرگای نرگال[٣]وەستاوە گایەکی باڵدار لەپشتیەوە دیارە.(گای باڵدار لەسەردەمی بنەماڵەکانەوە بۆسەردەمی ئاشوری نویٚ و تەنانەت ئەخمینیەکانیش بەکاریان هێناون. ئەم گایانە پێنچ قاچیان هەیە و لە پێشەوەو لە تەنیشتەوە سەیر بکرێن وا ئەبینرێن کە لە ڕۆشتندایە، لەزۆرێك لە شارەکانی ئاشور بەکارهێنراون بۆ ڕازاندنەوەی کۆشکەکانی پادشا ئاشورییەکان لە ئاشورناصرپاڵی دووەم (٨٨٣–٨٥٩پ.ز) تا سەردەمی پادشا ئەسەر حەدون (٦٦٩–٦٨٠) پ.ز. بەلاٚم لەسەردەمی ئاشوربانی پاڵ دا دیارنەمان (٦٦٨–٦٢٧پ.ز پێئەچێت لەبەر نەبونی بەردی گەورە لە دروستکردنی وەستابن).[٤] گای باڵدار دەرگای نرگال بەدوو گای باڵداری–سەرمرۆڤ پاسەوانی کراوە ئەم ئاژەلانە بە (lamassu) ناسراوە لەلای ئەکەدییەکان. دەرگاکەو یەکێك لە گایەکان یەکەمجار لەلایەن بەڕێز ئەوستیان هنری لایارد (Austen Henry Layard)[٥]ەوە دۆزرایەوە لەیەکێك لە کنەوپشکنینەکانی دا لە نەینەوا ساڵی ١٨٤٩.لایارد پاش کنەوپشکنینەکەی گایەکەو دەرگاکە دائەپۆشێتەوە.دواتر ئەوگایەی لە پشت ووتەبێژەکەوە دیارە جارێکی تر لەلایەن هاولاٚتیەکی ناوچەکەوە ئەدۆزرێتەوە و بەپارە بەشی سەرەوەی گایەکە لە دەستەلاٚتدارانی عوسمانی ئەکرێتەوە بۆدروستکردی گەچ. بەلاٚم گایەکەی لای ڕاست بەشاراوەی ماوەتەوەتا ساڵی ١٩٤١بارانێکی بەخوڕ دەری دەخات، دواتر دەرگاکە نۆژەن ئەکرێتەوە گایەکان دائەنرێن بۆ نمایشت کردن تاپێش تێکدانیان لەلایەن گروپەکەوە. [٦]
دەرگای نرگال لەلایەن (سەنحاریب)[٧]ەوە دروستکراوە کاتێك کەشاری نەینەوای فراوان کرد لە نێوان ساڵانی (٧٠٤–٦٩٠ پ.ز).

---

[٣]- یەکێکە لەو حەوت دەرگایەی کە لەشورای شاری نەینەوای کۆندا هەبوە. دەرگاکە بەناوی خواوەند نرگالەوە (ئێرا) ناونراوە کە خواوەندێکی بەربلاو بوە لە پەرستندا لە میزۆپۆتامیادا ، پەرستنی ئەم حواوەندە لە سەردەمی سۆمەرییەوە تا ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوە، بەخواوەندی تاعون و تا و ئاری دارستانەکان ڕۆژی دوای بوە.[ وەرگێڕ]

4- Gods, Demons and Symbols of Ancient Mesopotamia. Jeremy Black and Anthony Green.1992. British Museum. London. P 51. [وەرگێڕ ]

[٥]- هینری لایارد: (1817 – ١٨٩٤ ز) شوێنەوارناسێکی ئەوروپیە لەپاریس لەدایك بوە، لە ئیتالیا چەند ساڵێك خوێندویەتی پاشان چوەتە بریتانیا بەگەڕیدەیەکی ئینگلیز ناسراوە. لە نێوان (1845 - 1851 ق.م) کاری کنەو پشکنینی لە نەینەواو باکوری عێراق کردوە. بارو ، اندریە ، بلاد اشور ونینوی وبابل ، ترجمة عیسی سلمان وطە سلیم ، بغداد ، 1980 ، ص 240 .[ وەرگێڕ]

6 - J.P.G. Finch, “The Winged Bulls at the Nergal Gate of Nineveh,” *Iraq* 10, No. 1 (Spring 1948): 9-18.

[٧] - سەنحاریب کوڕی سەرجونی دووەمی ئاشوری بو، فەرمانڕەوایەتی ئاشوری گرتە دەست لە (٦٨١–٧٠٥ پ.ز) پاش ئەوەی باوکی لەیەکێك لە هەڵمەتەکانی کوژرا. سەنحاریب زیاتر گرنگی بە ئاوەدانی وفراوانکردنی وولاٚت ئەدا ،هەرچەندە لەدژی بابلیەکانیش جەنگاوە. [وەرگێڕ]



٣

نەخشەی شورای شاری نەیەنەوا و شوێنی دەروازەکانی شار کەلەسەردەمە حیاوازەکاندا دروست کراون

لە خولەکی (٢٦:٢ )دا لەڤیدیۆکەدا وتەبێژەکە باس لە دەرگای نرگال ئەکات ئاماژە بەناوی خواوەند نرگال ئەدات کە خواوەندی تاعون وجیهانی دواییە. ئەوگایەی کەپێشتر بەشی سەرەوەی نەماوەدەرناکەوێت کەلەناوبراواوە یان نا، بەلاَم گایەکەی لاڕاست دەرکەوتەوە کە بەهێڵتی دەم وچاوەکەی تێکدراوە وایلێکراوە کەچاکنەکرێتەوە.



ئەمە وێنەی گای لای ڕاستی دەرگاکەیە کە لەلایەن چەکدارەوکەوە تێك ئەدرێت. بەلاَم دیارنیە کە دەرگاکەش تێکدراوە یان نا؟

لەناودەروازەکە واتە پاش چونەژورەوەبۆناو شارەکە دووگای تر هەن. ئەم دووگایە کەمترپارێزراون وزۆر درزیان تێدایە، ئەوەی کەوتوەتە لای چەپ لەسەرو لوتیەوە تێك چوەبەلام لای خوارەوەی ماوەتەوە، ئەوەی لای ڕاست تەنها کەلەسەرەکەی ماوەتەوە.

پەیکەری هەردوو گایەکان بەپیك و بە هێڵتی پارچەپارچە کران.ئەوەی لای چەپ بەپیك کرابەچەند پارچەیەکی گەورەوە، ئەوەی لای ڕاست بە هێڵتی پارچەپارچەکرا. ئەوەی شیاوی باسە ئەم گایانە بەشێکن لە و ژمارە گابالّدارەی کە لە دەروازەکانی شورای کۆنی نەینەوا هەبوون. چەند گابالّدارێك لەسەدەکانی هەژدە ونۆزدەدا براونەتە دەرەوەو لە هەریەکە لەمۆزەخانەکانی بریتانی و لۆڤەرە لە پاریس. بە لە ناوبردنی ئەو چوار گا بالّدارە ئێستا لە عێراق هیچ گایەکی بالّدارنەماونەتەوە.




وینەی گایەکانی ناوەوەی دەرگای نرگال 2009 (سەرچاوەی i )













ئەو شەش وێنەیەی سەرەوە لە ڤیدیۆکەی گروپەکەوە وەرگیراون لە کاتی تێکدانی پەیکەری دووگایەکەی ناوەوەی دەرگای نرگال

## دەروازەکانی بالوات[٨]

لەڤیدیۆکەدا وێنەیەك پیشان ئەدرێت کە چەندپارچە برونزێك لە سەرپارچەتەختە دانراون لەناو شوشەدا واتە نمایشت کراوە بۆ سەردانکەرانی مۆزەخانەکە. ئەم دەرگایانە لە (نزیك قەرەقوشی ئیستا) دۆزراونەتەوە. ئەو سێ دەرگایە کە دۆزرانەوە لە کنەوپشکنینەکاندا دوانیان لەلایەن (هورموز ڕەسام)[٩]ەوە لە ساڵی ١٨٧٨ دۆزراونەتەوە وئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانین. دەرگای

---

[٨] - دەرگاکانی بالوات: مەبەست لێیان ئەو دەرگا تەختانەیە کەلە داری ئەرزی بۆنخۆش دروست کراون. هەرلایەکی دەرگاکە بە هەشت پشتێنە (ا فارین) ی برونزی کە وێنەو نمایشتی سەربازی ئاشوری لەسەر دەمی شلمانەصر کاتێك سەرکەوت بەسەر ئۆرارتیەکان ئەوگەلەی لە نزیك بەنداوی وان ئەژیان لە گەڵ وێنەی ڕاوکردنی شاهانەی کە بریتین لە ڕاوی گاو شێر ڕازێنراوەتەوە. [وەرگێڕ]
(The British Museum A-Z companion to the Collection. Marjorie Caygill. The British Museum Press. London.2012. p45.).

[٩] – هورموز ڕەسام (١٨٢٦– ١٩١٠) ئاشوری ناسێکی مەسیحی بوو لە شاری موصل لەدایك بوە، چەندین کاری کنەوپشکنینی ئەنجامداوە، لەگرنگترین دۆزینەوەکانی بریتی بوە لە تابلێتی (ئەفسانەی گەلگامیش)، کەبە کۆنترین دەقی ئەدەبی جیهان هەژمار ئەکرێت کۆشکی ئاشوربانیناڵی دۆزیوەتەوە. بەیەکەم ئاشوری و عوسمانی ناس و وە شوێنەوارناسی رۆژهەلأنزیك ئەناسرێت. لەکۆتاییەکانی تەمەنیدا بوبە هاوڵاتیەکی بریتانی. (عمارة القصر الملكي في العصر الآشوري الحديث. خلف زيدان خلف سلطـان الحديدي. رسالة ماجستير غير منشورة .٢٠٠٥. موصل. لا١٠).[ وەرگێڕ]

سێیەم لەلایەن (ماکس مالوان)[10] لەساڵی ١٩٥٦ دۆزرایەوە، دواتر لەمۆزەخانەی موصڵ نمایشت کرا. دوودەرگاکەی ڕەسام لەلایەن ئاشورناصربالی دووەم لەساڵانی نێوان (٨٨٦–٨٥٦ پ.ز) و شلمانەصری سێیەم (٨٥٦–٨٢٤پ.ز) بنیات نراون. دەرگای کەی تریش هەرلەلایەن ئاشورناصربالی دووەمەوە دروستکراوە.

نزیکەی ٣٠ لەو پارچە برونزانەی کە دەرگاکانی پێڕازێنراوەتەوە لەساڵی ٢٠٠٣ دا دزراون پێش ئەوەی کە هێزەکانی ئەمەریکا کۆنترۆڵی شاری موصڵ بکەن. هەروەك لە ڤیدیۆکەدا دەردەکەوێت دەرگاکە پارچەی زۆری نوقسانە ئەمەش ئەوپارچانەن کە پێشتر دزراون. هەرچەندە لەڤیدیۆکەدا هیچ جۆرە ئاماژەیەك نیە کە دەرگاکە تێکدرابێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پارچەکان شوێنەواری گوازراوەن پێئەچێت فرۆشرابن لە بازاری کڕین و فرۆشتنی شوێنەوارەکاندا. بۆئەوەی باشتر بناسرێنەوە هەندێك وێنەی دەرگای بالوان دائەنیم کە ئێستا لەمۆزەخانەی بریتانی نمایشت کراون و لە سەدەی هەژدە براوەتەوە ئەو وولاتە.



وێنەی دەرگای بالوات لەڤیدیۆکە چرکەی( ٥٥:٠ ) ناومۆزەخانەی موسڵ

---

[10] - ماکس مالوان (١٩٠٤-١٩٧٨) دیارترین شوێنەوارناسای بریتانی هەژمار کراوە لە کاتی خۆیدا، شارەزای مێژووی کۆنی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بوە، کاری کنەوپشکنینی لە عیراق ئەنجامدا. (عظمة اشور. هاری ساكز. وەرگێرانی لەلایەن خالد اسعد عیسی و احمد غسان سبانو . دمشق. ٢٠٠٣.ل٤٦٨). [وەرگێڕ]



***نمونەیەکی دروستکراوەی دەرگای بالوات، پیشانی ئەدات کە دەرگاکە چۆن بوە، مۆزەخانەی بریتانی وینەکە لەلایەن نوسەرەوە گیراوە.***



***وێنەیەکی تەختە برونزیەکانی سەردەرەگای بالوات مۆزەخانەی بریتانی، پیشانی ئەدات کە ئەسپ وعارەبانەیەك هێرش ئەكات لەڕیزی سەروە، چینی خوارەوە پێشوازی ڕێزلێنان لەلایەن پادشاوە.***

## ئاژەڵەباڵدارەکەی تر  (other lamassu)



له خولەکی( ١٠:١) ڤیدیۆکە ئاژەڵی باڵداری تر پیشان ئەدات، کە جۆری کۆنترن لەوانی پێشووتر ئەم ئاژەڵانە لەبری چەستەی گا چەستەی شێر دروستکراوە.[١١] دیار نیەکە تێکدرابن هەرچەندە لەکۆتایی ڤیدیۆکەدا دەرکەوتوە زۆربەی زۆری پەیکەرەکان لەناوبراون، بەڵام هێشتا هیوایەك هەیە سەبارەت بەمانەوەیان.

## نەخشە هەڵکۆڵراوەکان Relief Sculptures*

لەخولەکی (١٠:١) ڤیدیۆکەدا نەخشێك دەردەکەوێت کەچاکسازی (صیان و ترمیم) کراوە، لە نوسینی سەرنەخشەکە کەمۆزەخانەکە لەسەری داناوە نوسراوە لە (دوور شروکین) خرسابادی ئێستا دۆزراوەتەوە. شارەکە لەلایەن سەرجۆنی دووەمی ئاشوریەوە دروست کراوە لە پاش ٧١٠ پ.ز. بەڵام پاش مردنی بەجێهێڵرا لە ٧٠٥پ.ز.



*نەخشێك لە شاری دوور– شروکین (خورساباد) مۆزەخانەی موصل،خولەکی (١٩:١ ) ڤیدیۆی چەکدارەکان*

---

[١١]- شێری باڵدار لەسەردەمی ئاشورناصربالی دووەم دا دروست کراوە لە (٨٨٣–٨٥٩ پ.ز) ئەوکاتەی کە پایتەختی نوێ بنیاتنرا کە بە (کالخۆ) ناسراوە. سەرچاوە (مۆزەخانەی میترۆپۆلیتان). [وەرگێڕ] (www.metmuseum.org/toah/works-of-art/32.143.2)

* نەخشی هەڵکۆڵراو یەکێکە لە هونەرەکانی هەڵکۆڵین لە شارستانیەتە کۆنەکاندا بایەخی زۆری پێدراوە (بریتیە لە هەڵکۆڵینی وێنە لەسەر تەختە بەرد، دیوار یان بە تەنیشت شاخەوە. وەك پەیکەرەکانی دەربەند گاور، بێلولەو ئەوانی تر. [وەرگێڕ]



*نەخشی ناو کۆشك لەشاری دوور–شروکین مۆزەخانەی موصل، وێنەکە لەلایەن (هەبیرت دیباسچ) ەوە*

هاوشێوەی ئەم نەخشەیە لەمۆزەخانەکانی تر هەیە کە هی هەمان شارن وەك نەخشەکانی پەیمانگای ڕۆژهەلاّتی زانکۆی شیکاگۆ.



نەخشێکی دوور–شروکین پەیمانگای ڕۆژهەلاّتی زانکۆی شیکاگۆ، دیمەنێکی هاوشێوەی نەخشەکەی موصل. وینەکەلەلایەن نوسەروە گیراوە.

نەخشێکی تری مۆزەخانەی موصلّ لە خولەکی (٢٦:١)ی ڤیدیۆکەدا دەردەکەوێت کە پادشایەك لەسەر ئەژنۆ دانیشتوە لەبەردەم خواوەندو خواوەندێکی ژن. هاوشێوەی ئەم دیمەنە لەهونەری تری ڕۆژهەلاّتی نزیك دۆزراوەتەوە وەك لەمەسەلەی حامورابی دا دیارە.

زانیاری نۆی لەلایەن پرۆفیسۆر پاولۆبرۆساسکۆ ئاماژەی بەوەداوە کە ئەووێنەیەی سەرەوە لەڤیدیۆکەدا دیارە کۆپی نەخشی مالّتا لە شاری دهۆك، پادشا سەنحاریب لەسەرئەژنۆ نوێژ بۆ خواوەندەکان (ئاشور، ننلیل، سین ، ئانۆ، ئەدەد و عەشتار) ئەکات.



نەخشی مۆزەخانەی موصل وینەکە لە ڤیدیۆی چەکدارەکانەوە وەرگیراوە لە خولەکی (٢٦:١)



نەخشی مالتا باشوری شاری نزیك دهۆك، سەنحاریب نوێژ بۆ خواوەندەکانی ئاشور ئەکات. وێنەکە لەسەرچاوەی (i) وەرگیراوە.




وینەیەکی ڕوونتری نەخشی مالّتا دهۆك. وەستانی خواوەندەکان لەسەر پشتی ئاژەڵی ئەفسانەی. سەردەمی سەنحاریب (٦٨١-٧٠٤ پ.ز) وەرگێر.

لەخولەکی ( ٢٨:١) ڤیدیۆکەدا نەخشێك دیارە کە دیمەنی ئابلۆقەدانی قەڵایەکە، یەکێك لەسەربازەکان سەرە براوەکانی دووژمنەکانی ئەژمێرێت، سەربازەکانی تریش خەریکن بەپەیژەوە هەڵئەکوتنە سەرقەڵای دوژمن. ئەم نەخشەیە لەبەر نارێکی لە ئاستی هونەری (دیقە) و ڕەنگەکەی گومانم بۆ دروست ئەکات کە کۆپی نەخشێکی تر بێت کەلە شوێنێکی تر هەڵگیراوە. هەرچەندە من ناتوانم ناسنامەی نەخشەکە دیاری بکەم (مەبەستی نوسەردیاری کردنی کاتی نەخشەکە ئەو فەرمانڕەوایەی کەدروستی کردوە)، بەڵام ئەوە ڕوونە بۆ سەدەکانی نۆیەم دەیەمی پ.ز ئەگەڕێتەوە. ئەوەش دڵنیام کە کۆپیە.



نەخشی گەمارۆدان مۆزەخانەی موصل

نەخشێکی ترلە (٤٢:١)دا پیشاندراوە کە دیمەنی شێرێکی بیندارە لەنەخشەبەناوبانگەکەی (ڕاوی شێر)ە لەلایەن ئاشوربانی پاڵەوە دروست کراوە (٦٦٨–٦٢٧ پ.ن) ئەمە کۆپی نەخشێکی ترە کەلەمۆزەخانەی بریتانی وەرگیراوە.



نەخشی ڕاوی شێر مۆزەخانەی موصل خولەکی ( ٤٢:١) ی ڤیدیۆکە



*نەخشی ڕاوی شێر مۆزەخانەی بریتانی. وێنەکە لەلایەن نوسەرەوە گیراوە*

ئەمڕۆ(مەبەستی نوسەر ڕۆژی ٢٠١٥/٢/٢٦)یە مۆزەخانەی بریتانی لە پریس کۆنفرانسێکدا ئەوەی ئاشکرا کرد کە هیچ کام لەو نەخشانەی لەمۆزەخانەی موصل تێکشکێندراون لای ئەوانەوە کۆپی نەکراون. بەلام ئەوئاشکرایە کە هەندێك لە نەخشانەی مۆزەخانەی موصڵ کە تێکشکێنران کۆپی نەخشە ڕەسەنەکانن.

هەرلە ڤیدیۆکەدا لە خولەکی ( ٤٣:١) کامێراکە نەخشێك پیشان ئەدات کە دوو تیرهاوێژ بەشوێن ئامێرێکی تایەدارەوەن.[١٢] ئەم نەخشەش کۆپی کراوی نەخشێکی مۆزەخانەی بریتانە کەلە هۆڵی نمرود لەلای ڕاستی هۆڵەکە نمایشت کراوە لە مۆزەخانەی بریتانی.



نەخشەکۆپی کراوەکەی مۆزەخانەی موصل دیمەنی ئابلۆقەدان لە ڤیدیۆی چەکدارەکان بەدەرکەوتوە

[١٢]- ئەو ئامێرە لەنەخشەکەدا دیارە ئامێری مەنجەنیقە. لەکۆندا بۆ هەرەس پێهێنانی شوراو دیواری قەلا بەکارهاتوە، بە چەکێکی هێرش بردن ناسراوە و ئاشوریەکانیش لە هێرشە کانیان بەکاریان هێناون. [وەرگێڕ]



نەخشی کۆشکی سەرەکی تگلات پلاسەری سێەم مۆزەخانەی بریتانی. وینەکە لەلایەن مۆزەخانەی بریتانیەوە گیراوە.

هەرلەبەرئەوەشە کە ئەوتوانین بڵێن ژمارەیەکی زۆری نەخشە ئاشورییەکان کەلە ڤیدیۆکەدا دیارە نوسخەی ڕەسەن نین.

## Statue of Sargon? پەیکەری سەرجۆن؟

لەخولەکی (١:٤٤) ڤیدیۆکە پەیکەرێکی شکاوی کەوتو پیشان ئەدات، لە ڕێگەی نوسینی سەرپەیکەرەوەکەوە مۆزەخانەکە نوسیویەتی پەیکەری سەرجۆنی دووەمی ئاشوری (٧٢٢–٧٠٥ پ.ز).





بەشە شکاوەکەی ئەم پەیکەرە بەئاشکرا ئەوەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کە پەیکەرەکە لەگەچ دروستکراوە واتە کۆپیی کراوە. لە شێوەی پەیکەرەکەو جل و بەرگەکەی لەپەیکەری ئاشورناصر پاڵی دووەم ئەچێت ئەوەی کە لە مۆزەخانەی بریتانیا نمایشت کراوە. بەڵام کڵاوەکەی لەوەی مۆزەخانەی بریتانی ناچێت، بەڵام ئەوهەڵقانەی ڕیشی پێرازێنراوەتەوە لەم وێنانەی خوارەوە ئەچێت کە لە مۆزەخانەی بریتانین.



نمونەی سەری ئاژەڵی باڵدار lamassu مۆزەخانەی بریتانی. وێنەکە لەلایەن نوسەرەوە گیراوە.

پێئەچێت ئەو پەیکەرە لەسەر نمونەیەکی ئەصلی کۆپی کرابێت. پەیکەرێکی هاوشێوەی ئەمە کەهی خواوەند (نابو)[13]ە لەدوور شروکین دۆزرایەوە. ئەمە پەیکەری سەرجۆنی دووەم نیە بەڵام هی کەسێکە لە فەرمانڕەواکانی ئەوە.

[13] – نابو: کوڕی خواوەند مەردۆخ، نابو بەخواوەندی زیرەکی و نوسین ناسراوە. لەسەر دەمی بابلی نوێ ئاشوریدا پەرستشی پەرەی سەند و هەندێك جار سەرپەرشتی کشتوکاڵ و ئاودێریشی کردوە. لەسەردەمی ئاشوری، بابلی وبابلی نوێ و ئەخمینیدا پەرستراوە. پەرستگای لەنمرود بەناوی ئیزیدا بۆدروستکراوە. [وەرگێڕ]

Ezida: The Temple of Nabu. David Oates. Iraq. Vol. 19, No. 1 (Spring, 1957), pp. 26-39
Published by: British Institute for the Study of Iraq. Article DOI: 10.2307/4199614. Stable URL: http://www.jstor.org/stable/4199614. Page Count: 19. [وەرگێڕ ]



*پەیکەرێك لە پەرستگای نابو لە دوور شروکین. ئێستا لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی زانکۆی شیکاگۆیە. وێنەکە لەلایەن نوسەرەوە گیراوە.*

## کۆتایی بەشی یەکەم

هیچ بەهایەکی نیە کەلە ساڵی ٢٠٠٣ نزیکەی ١٥٠٠ پارچە شوێنەواری بچوك لەمۆزەخانەی موصڵ گوازرایەوە بۆ مۆزەخانەی عێراقی لە بەغداد بەبیانوی ئەوەی کەلەوێ زیاتر پارێزراوە. لەهەمان کاتیشدا کۆمەڵێك پەیکەری گەورە کە گواستنەوەی ئاسان نەبو مایەوە لە موصڵ.

کاتێك کەیەتە سەر شوێنەوارە ئاشورییەکان ئەوانەی کە زۆرگرنگ بوون و لەناوبران بریتی بوون لە پەیکەری ئاژەڵە باڵدارەکانی دەروازەی نرگال، یەکێکیان کەلەناوبرا زۆر بەباشی پارێزراوبوو (مابوەوە) ( lamassu ). ئەوانە بەشێکی کەم بون لەو ئاژەڵە باڵدارانەی کە لە نیشتیمانی خۆیان مابونەوە، بەخێرهاتنی میوانەکانیان ئەکرد لە موصل هەروەك چۆن لەکۆنیشدا بەخێرهاتنی میوانانی ئاشوریان ئەکرد.

سەبارەت بە پارچە شوێنەوارەکانی تری ناومۆزەخانەکە، ژمارەیەکیان کۆپی پارچەی ڕەسەنن کەلەشوێنی تر هەڵگیراون. لەکاتێکدا ئەوانی تر پارچەی ڕەسەن بوون.

ئەوپارچانەی کە هی شاری هاترا بوون و لەناوبران کارەساتەکەی قورسترە، لەبەشی دووەمی بەووردی باسیان ئەکەم.

## بەشی دووەم: پەیکەرە داتاشراوەکانی هاترا (حضر)

لە ڕۆژی هەینی ٣/٣ /٢٠١٥ بەشی یەکەمی ئەم بابەتەم بڵاوکردەوە، هەڵسەنگاندنی زیانەکانی کەل و پەلەکانی مۆزەخانەی موصلْ وەك پارچە ئاشوریەکان و ئاژەڵە باڵدارەکانی دەروازەی نرگال. ئەم بەشە هەڵسەنگاندن بۆ کۆمەڵە گروپی دووەم ئەکات کە شوێنەوارەکانی شاری هاترای سەردەمی ڕۆمانەکان.

هاترا شارێکی بازرگانی دەوڵەمەند بوو، کەوتوەتە باشوری ڕۆژئاوای موصڵەوە لەبیابانێك بەدووری ١١٠کم لەو شارەوە،[١٤] یەکێکە لەو چەند شارەی کە دەرکەوت لە بۆشایی نێوان ئەشکانیەکانەوە و ئیپراتۆریەتی ڕۆماندا. هاترا، پاڵمیرا، پاترا و دورا ئیۆرۆپۆس ئەمانە سەروەت و سامانی خۆیان پێکەوە نا لە وناوەندەدا. هەریەکە لەو شارانە هاوپەیمان (تەرەف گیر)ی یەکێك لەو دوو دەوڵەتە بوون ڕۆمەکان یان ئەشکانیەکان، هاترا ئەشکانیەکانی هەڵبژارد.

ئەمەش وایلە هاترا کرد کە ببێتە ئامانجی ڕۆمەکان، تراجان[١٥] لەهەڵمەتەکەی بۆ میزۆپۆتامیا گەمارۆی ئەم شارەی دا لە ساڵی ١١٦ز بەڵام سەرکەوتو نەبوو لەداگیرکردنی. سێپتیمۆس سێڤێرەس[١٦] چەندین هێرشی کردە سە ئەم شارە لەکاتی داگیرکردنی ئەشکانیەکاندا لە ساڵی ١٩٨ز ئەمیش سەرکەوتو نەبوو. گەرمای دەشتێکی کراوە وایکر کە ئاسان نەبێت بگەنە دیوارە یەك لەدوایەکەکانی، هەروەها نەبوونی ئاوخۆراك لەدەوروبەری شارەکە وایکرد کە هاترا بمێنێتەوەو گەمارۆکان درێژە نەکێشن. هاترا وێران کرا لە ٢٤٠ز، نەك لەلایەن ڕۆمانەکانەوە بەڵکو لەلایەن هێزەکانی ساسانی سەربە شاپوری یەکەمەوە[١٧] لەکاتی هەڵمەتەکانی دژی دواهەمین شارە هاوسۆزەکانی پارسیەکان ئەوانەی کە کەوتبونە نێوان ئەوو ڕۆمەکانەوە.

---

[١٤]- هاترا لە ساڵی ١٩٨٥ چوەتە ناو لیستی کەلەپوری جیهانیەوە. لەسەرەتای سەدەی بیستەم لەلان دەزگایەکی هۆڵەندیەو یەکەم جار کاری کنەوپشکنی تێدا کراوە، پاشان لە ساڵی ١٩٥١ بەدواوە لەلایەن فؤاد سەفەرو محمد علی مستەفاوە کنەو پشکنینی تێدا ئەنجامدرا. [وەرگێڕ]
(http://whc.unesco.org/archive/advisory_body_evaluation/277.pdf )

[١٥]- مارکس ئەڵپس تراجان (٥٣–١١٧ز) یەکێك بوو لە ئیمپراتۆرە کانی ڕۆم و بەڕەگەز ئیسپانی بوو،لە ساڵی ٩٨ز بوبە ئیمپراتۆر تامردنی بەهۆی ئەوەی زۆر لەخەڵکەوە نزیك بوو لەلایەن خەڵکانی ئیپراتۆریەتەکەیەوە خۆشەویست بو. لەسەردەمی ئیپراتۆریەتەکەیدا لەکۆتایەکانی تەمەنیدا هێرشی هێنا بۆ میزۆپۆتامیا. [وەرگێڕ]

[١٦]- سێپتیمۆس سیڤریەس (١٤٥– ٢١١ز) ئیپراتۆریکی ڕۆمەکان بوو لە ١٩٣ تا٢١١ز ئیمپراتۆربوە، بە ڕەگەز ڕەش پێستەو لە ئەفریقا لەدایك بوە. چەند هێرشێکی کردوەتە سەرمیزۆپۆتامیا پەلاماری شاری هاترای داوە بەڵام سەرکەوتو نەبوە. لە شاری یۆرك لەبریتانیا مردوە لە ساڵی ٢١١ز.[ وەرگێڕ ]
http://www.britishmuseum.org/explore/highlights/highlight_objects/gr/m/statue_septimius_severus.aspx.

[١٧]- شاپوری یەکەم (٢١٥– ٢٧٠ز) کوری ئەردەشێری یەکەم دامەزرێنەری ساسانیەکانە. بە شاپوری گەورەش ناسراوە هەروەها بەشاهانشاش ناسراوە.لە (240–270ز) پادشای ساسانیەکان بوە.[ وەرگێڕ]
http://www.britishmuseum.org/explore/online_tours/middle_east/the_sasanians/shapur_i_and_the_fight_against.aspx.




نەخشەی شاری حضر. لە کتێبی حضر شاری خۆر سەفەر و مستەفا لا ١٠ وەرگیراوە. وەرگێڕ.




سنوری ڕۆم / ئەشکانیەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ٢٠٠ز. هەرێمەکانی سەربە ڕۆم ڕەنگی سورە و شانشینە هاوپەیمانەکانی ڕۆم ڕەنگی پەمەییە. هەرێمەکانی ئەشکانیەکان ڕەنگی قاوەییەو شانشینەکانی هاوپەیمانی ئەشکانیەکان رەنگی پرتەقاڵیە.

هەڵکەوتە نایابەکەی شاری هاترا لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا  بوە هۆی هەڵێنجانی (بەرهەم هێنانی ) هونەرێکی نایاب لە ئیمپراتۆریەتی ئەشکانیدا. کاریگەری لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاواو تێکەڵ کردنیان بوەهۆی بەدەست هێنانی هونەرێکی سروشتی هەرچەندە هێشتا هونەرە ڕۆژهەڵاتیەکەی وننەکردوە. پەیکەری کەلەسەری ژنانی یۆنانی پەرستگاکانیان ڕازاندبوەوە تا خواوەندەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بە تەنیشت نوسینە ئارامیەکانەوە. خواوەندەکانی میزۆپۆتامیا وەك شەمەش و نرگال هاوشانی خواوەندەکانی یۆنان و ڕۆم وەك هێرقلەکان. ڕووتە کلاسیکیەکان و پەیکەرەکان جل و بەرگەکانیان ڕازاندبوەوە. پەیکەرێکی ئاپۆلۆ کوڕی خواوەندی خۆری ڕۆم وێنەکراوەوەلەسەر جل وبەرگەکەی هێمای شەمەش خواوەندی خۆوری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر کێشراوە

کاولکاریەکەی گروپەکی داعش بۆ شوێنەوارەکانی هاترا جەرگ بڕبوو.

ئەم کارەساتە هاوشانە بەوەی کە پەیکەرەتاشراوەکانی هاترا هێشتا لە ژێر لێکۆڵینەوەو توێژینەوەدان. هەموو پەیکەرەکان دۆزراونەتوە لەکنەوپشکنینەکاندا لە سەدەی بیستەم، دۆزراوەکان هەرلەعێراق ماونەتەوە. بلاوکراوە سەرەتاییەکانی ئەم دۆزینەوانە لەکتێبێکدان بەزمانی عەرەی زۆربەدەگمەن لە ڕۆژئاوا دەست ئەکەوێت. ڕێژەیەکی زۆرکەمی لێکۆڵەروانی دەرەوەی عێراق بەختی ئەوەیان هەبوە کە دیراسەی پەیکەرەکان بکەن.

## پەیکەرەداتاشراوەکانی پادشاکانی هاترا Statues of the Kings of Hatra



لەسەرەتای دەست پێکردنی ڤیدۆکە لە خولەکی(٠:٠٨) ئەوە پیشان ئەدرێت کە سێ پیاو بەپیك لە دوو پەیکەر ئەدەن سەرکەوت و نابن لەوەی زیانی زۆری لێبەن. هەوڵ ئەدەن بیخەنە سەر زەوی وسەرکەوت و نابن.

ئەم پەیکەرانە نوێنەرایەتی پادشا کانی هاترا ئەکەن. پەیکەرەکەی لای چەپ هی پادشایەکی نەناسراوی هاترایە، جل وبەرگی ئەشکانی لەبەر کردوە و چەپکێك گەڵای بەدەستی چەپی هەڵگرتوە پارچەیەك میوە بەدەستی ڕاستیەوە. ژمارەی مۆزەخانەییەکەی (م م ٥).

پەیکەرەکەی لای ڕاست بە (جوانترین پەیکەری دۆزراوەی هاترا) ناسراوبوو. نوسینە ئارامیەکەی کەلەسەر بنکەکەی بوو ئەخوێنرایەوە بە "وێنەی پادشا ئۆسالٚ (Uthal) بەعەرەبی (اثلو) ، بەخشندە، بیرمەند خزمەتکاری خوا، خوا لێخۆش بوو" یان خوا پێداو. هەموو زانیاریەکانی تر دەربارەی ئەم پادشا یە لەوانە کاتی فەرمانڕەوایەتیکردنی بەنادیاری ماوەتەوە.[18]

[18] - Shinji Fukai, "The Artifacts of Hatra and Parthian Art," *East and West* 11, No. 2/3 (June-September 1960): 142-144, pl. 2-3; Fu'ad Safar and Ali Muhammad Mustafa, *Hatra: The City of the Sun God* [Arabic title al-Ḥaḍr, madīnat al-shams] (Baghdad: Wizarat al-I'lām, Mudīrīyat al-Athār al-'Āmmah, 1974), 197-198, pl. 208-210.



پەیکەرەکانی هاترا لەڤیدیۆکە لە خولەکی( ٠٨:٠ ، ٠٥: ، ٣:١١) دا دەرئەکەون. وێنەکە لەلایەن دانی سێبراندت. وەزراەتی دەرەوەی ئەمەریکا٢٠٠٨.



پەیکەرەکان لە ڤیدیۆکەدا لە خولەکی ٠:٠٨، ٢:٠٥، ٣:١١. لای چەپ پادشایەکی نەناسراوی هاترا. لای ڕاست پەیکەری پادشا ئوسالێ. سەفەر و مستەفا، هاترا: شاری خوداوەندی خۆر، لا٢٠٨– ٢١٠.

هەردوو پەیکەرەکە بینران لە خولەکی ( ٠٨:٠) کە بە پیك لێیان ئەدرێت بەبێ ئەوەی زیانی زۆریان پێبگات. لە خولەکی (٢:٠٥) پەیکەری پادشا ئوساڵ ئەبینریت کەلە سەر بنکەکەی دەردەهێنرێت، لەسەرەتادا ئەوە دیارە کە پیاوێك بەبنکەکەیدا ئەکێشێت. سێ پیاو بە پیك ئەکێشن بە پەیکەرەکەدا کاتێك ئەکەوێتە سەر زەوی. هەردوو پەیکەرەکە بە پارچەپارچە کراوی ئەبینرێن لەسەر زەوی.







**لە**خولەکی (٢:٥٣) پەیکەری سێیەم ئەبینرێت کە ئەخرێتە خوارەوە. ئەمە پەیکەری ساناتروقی دووەمە، دواهەمین پادشای هاترایە بەر لەوەی شاپوری یەکەم شارەکە وێران بکات لە ٢٤٠ز.[19]

پەیکەرەکە لە چەندین پارچە یەکخرابوو، هەرلەبەرئەمەش بوو کە بەئاسانی هەلاهەلا ئەبێت کاتێك ئەکەوێت سەر زەوی.



پەیکەری سەناتروقی دووەم، وێنەکە لەلایەن داینی سیبراندتەوە گیراوە ، وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا،٢٠٠٨.



ئەو دوو وێنەیەی سەرەوە وێنەی پەیکەری پادشا ساناتروقی دووەمن کە پارچە پارچە کراوە.

پەیکەرێکی تر بەدەردەکەوێت کە نایلۆنەکەی کە لێیی پێچراوە لا ئەبریت لەسەری لە خولەکی (٣٨:٠). ئەمە وێنەی پادشایەکی هاترایە کە هەلۆیەکی لەسەردەستی داناوە کە هێمای خواوەند خۆر شەمەشە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.

---

[19] - Safar and Mustafa, *Hatra: The City of the Sun God*, 23, pl. 4.

ئێمە ٢٧ پەیکەری زانراومان هەیە کە هی پادشاکانی هاترا بن، واتە لەناو بردنی چوار لەوانە واتای لەدەست چونی ١٥٪ پەیکەرەکانی پادشاکانی هاترا.[٢٠]





*پەیکەری پادشایەکی نەناسراوی هاترا کە هەڵۆیەکی هەڵگرتوە، وێنەکە لەلایەن کۆڵ، ماری پرۆفیت، هێزی سەربازی ئەمەریکا.٢٠١٠.*

پەیکەرەکە خرایە خوارەوەو چەند پیکێکی پیا کێشرا بۆئەوەی وردو خاژبێت.

[20] - Michael Sommer, *Hatra: Geschichte und Kultur einer Karawanenstadt im römisch-parthischen Mesopotamien* (Mainz: Zabern, 2003), 75, pl. 106; Lucinda Dirven, “Aspects of Hatrene Religion: A Note on the Statues of Kings and Nobles from Hatra,” 209-246 in *The Variety of Local Religious Life in the Near East in the Hellenistic and Roman Periods* (Leiden, Netherlands: Brill, 2008), 220-221.





other Large Standing Sculptures پەیکەرە وەستاوە گەورەکانی تر



له خولەکی (٤٠:٠) ڤیدیۆکە وێنە دوو پەیکەر پشان ئەدات لە سوچێکی مۆزەحانەکەدا. پەیکەرەکەی لای ڕاست هی پیاو ماقوڵێکی هاترایيە کە بە شێوازی ئەشکانی جلی پۆشیوە. ئەمە یەکێکە لەو پەیکەرانەی کە مێژوەکەیان بۆ سەردەمانی پێشوتر ئەگەڕێتەوە کە سەدەی یەکەمی زاینیە.ژمارەی مۆزەخانەیەکەی م م ١٤.[٢١]

پەیکەرەکەی لای چەپ بڕوا وایە کە قەشە بێت بە پێی جۆری جل لەبەرکردنەکەی. هەر لەکاتی دۆزینەوەکەیەوە سەری نەبوە.[٢٢]



*ئەوپەیکەرانەی کە ئەبینرێت لە خولەکی (٠:٠٤، ٢:٤٣) ڤیدیۆکەدا. وینەکە لە سەفەرو موستەفاو، هاترا: شاری خواوەند خۆر،، pl. 19, pl. 199, pp. 75, 212*

هەردوو پەیکەرەکە کران بە چەند پارچەیەکەوە کاتێك دران بە زەویدا خولەکی( ٢:٤٣)ی ڤیدیۆکە.

21 - Safar and Mustafa, *Hatra: The City of the Sun God,* pl. 19, p. 75.

22 - Ibid. 24, p. 78.





لەسوچێکی تردا لە خولەکی (١٦:٣) پەیکەرێکی بێسەر ئەبینرێت، شمشێرێکی گرتوە بەدەستەکانیەوە پانتۆلێکی درێژی لەبەرە لەگەڵ کەوایەکی بێقۆڵدا. نوسینی سەر پەیکەرەکە ئەڵێت ئەمە مەکی بن ناشریە.[٢٣]

پەیکەرەکە خرایە خوارەوە بەلای چەپیدا و بوبودوو لەتەوە کاتێك بەر ئەو ڕەفەیەی تەنیشتی کەوت. کاتێك بەر زەویەکە کەوت قاچەکانی بون بەچەن پارچەیەکەوە.

[23] - Ibid. pl. 84, p. 110.



پەیکەری مەکی بن ناشری لە ڤیدیۆکەدا خولەکی ٣:١٦ دا دیارە. وینەی لای چەپ دیانی سیبراندت، وەزراەتی دەرەوەی ئەمەریکا٢٠٠٨ .وینەی لای راست سەفەر و مستەفا، هاترا شاری خواوەندی خۆر، لا٧٨.







## ئەو پەیکەرەی کاریگەری یۆنان/ رۆمی لەسەرە Greco- Roman Influenced Sculpture

کاریگەری یۆنان/ ڕۆم ئەتوانرێت ببینرێت لەپەیکەرێکی بێسەر کە هی هێرقلە، پیشان ئەدرێت کە چۆن ئەدرێت بەزەویدا لە خولەکی (٢:٤٨).



هەرچۆنێك بێت، ڤیدیۆیەکی دواتری ژوورەکەلە خولەکی (٥٩:٣) ئەو پیشان ئەدات کە پەیکەرەکە کراوە بە سەدان پارچەوە و ژمارەیەك ڕاستەی ئاسنین دەرئەکەون. کە زۆرجیاوازە لەو پەیکەرە دروستکراوەیەی ڤیدیۆکە. هەندێك جار ڕاستە ئاسن لەناوی دا ئەنرێت بۆ پاڵپشت کردنی پەیکەرەکە بەڵام هەرگیز وەك ئەمەی هیرقل نیە.

دکتۆرە لەمیا گەیلانی ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە ئەم پەیکەرە کۆپیە. پەیکەرەڕەسەنەکە لە هۆڵی هاترایە لەمۆزەخانەی عێراقی لە بەغدا.



لەسەرەتای ڤیدیۆکەدا لە خولەکی(١:٣٢) ئەو پیشان ئەدات کە شەڕکەرێکی داعش نایلۆنی سەر پەیکەرێکی داپۆشراوی ئافرەتێکی ڕووت لادەبات، بڕوا وایە کە وێنەی فینۆس/ ئەفرۆدێت (خواوەندی جوانی) بێت.[٢٤] ڤیدیۆکە ئەبڕیت پێش ئەوەی پەیکەرەکە بەتەواوی ببینرێت و جارێکی تر پیشان نادرێتەوە، لەو لاشەوە پێئەچێت یەکێك بێت لەو پارچانەی کە وورد بوە لە پشت پەیکەری هرقلەوە.





*پەیکەری ڤینۆس، وێنەکە لەلایەن دکتۆر ە سوزانی بۆت ٢٠٠٩.*

---

24 - Ibid. pl. 102 p. 125.

## پەیکەرێکی بچوک دەر ئەکەوێت لە خولەکی( ٥٥:٢).

ئەوەی کە لەتەنیشت پەیکەری مەکی بن نەشریە، وەبەبەراورد بەوینەی مۆزەخانەکە پیش ئەوەی وێران بکرێت یارمەتی دەرە بۆ ئەوەی باشتر بیبینین:





*وینەکە لەلایەن کۆڵ، ماری پرۆفیت، هێزی سەربازی ئەمەریکا، ٢٠١٠.*

ئەم بینینە لەم گۆشەوە ڕێگەمان پێئەدات بەراوردی بکەین لە گەڵ پارچەکانی سەرزەویدا ئەوەی لە خولەکی(١٨:٣) و (٤١:٣) دەردەکەون. کاتی ورد کردنی ئەم پەیکەرە پیشان نەدراوە.





ئەم پارچانە، بەتایبەت ئەوەی لە کەجل و بەرگەکەی لەسەرە، ڕێگەمان پێئەدات کە دەستنیشانی بکەین بە هاوشێوەی ئەوپەیکەرەی لە کتێبەکەی سەفەرومستەفا بلاّوکراوەتەوە کە خواوندنی ژن (نیکی)یە، خواوەندی سەرکەوتن.[25] زانیاری زیاتر لەسەر ئەو پەیکەرەی سەفەرو مستەفا بلاّویانکردوەتەوە ئەوەیە کە ئەو پەیکەرە ئێستا پارێزاوە لە گەنجینەی مۆزەخانەی عێراقی لە بەغدا، بەلاّم ژمارەیەکی زۆری هاوشێوەی ئەم پەیکەرە (نایکی)کە دۆزراونەتەوەلە هاترا هەمویان بلاّو نەکراونەتەوە.

25 - Ibid. pl. 250, p. 256-257.



*پەیکەری نایکی، خواوەندی ژن لای یونان خواوەندی سەرکەوتن، سەفەرو مستەفا، هاترا شاری خواوەند خۆر، لا ١٠٢ –١٢٥.*

## پەیکەرە بچوکەکانی تر Smaller Sculptures





ئەم پەیکەرەی کە دانیشتوە خواوەندێکە و گۆیەکی خڕی بەدەستی چەپیەوەیە یەکەم جار لە فیدیۆکەدا دەرکەوت لە خولەکی (٤٧:٠). ئەم پەیکەرە ئەشکێنرێت لە خولەکی (٥٥:٠)بە پاڵپیۆەنان و خستنە سەر زەوی، سەری ئەشکێنرێت.[٢٦]

لەسەر قسەی دکتۆرە لەمیا گەیلانی و دکتۆرە لۆسیندا دیرڤین ئەم پەیکەرە کۆپی پەیکەرە ڕەسەنەکەیە کەلە مۆزەخانەی عێراقیە لە بەغدا.





*وێنەی پەیکەرە ڕەسەنەکە ئەوەی کە کۆپیەکەی لەڤیدیۆکەدا لەخولەکی (٠:٤٧) پیشان ئەدرێت. سەفەر مستەفا، هاترا شاری خواوەندی خۆر، ٢٥٠٧، ٢٥٦٧–٢٥٧.*

26 - Safar and Mustafa, *Hatra: The City of the Sun God,* pl. 88, 89, 90, p. 113-115; Lucinda Dirven, "**A Goddess with Dogs from Hatra**," in *Animals, Gods and Men from East to West. Papers on archaeology and history in honour of Roberta Venco Ricciardi*, A. Peruzzetto, F. Dorna-Metzger, L. Dirven (eds.), [BAR 2516] (Oxford 2013), p.147–160, pl. 8.

له خولەکی (٤٨:٠) ڤیدیۆکەدا کۆمەڵێك نەخشی (relief) هاترای پیشاندراوە .ئەوەی لەسەر تەختەکەیە لەبەشی خوارەوەیە خواوەند مارتین (goddess marten)ە کە پێشوازی لە خواوەند پەرستێك (نوێژکەر)ێك ئەکات. نەخشەکەی لای ڕاست وێنەی خواوەند (مارین)ە. نەخشەکەی ناوەڕاست لای سەرەوە هەر وێنەی مارتینە. ئەوەی لای چەپ لەسەرەوە وێنەی خواوەند مانگ (بارمارین)ە.[٢٧]





*لای ڕاست: بارمارین، مارتین، مارین. وێنەکە لە سەفەرو مستەفاوە، هاترا: شاری خواوەندی خۆر، لا ٩٠، ٨٩، ٨٨. لا.١١٣–١١٥.*

بەشێوەیەکی سەر سوڕهێنەر ئەم نەخشانە نەشکێنران لەکۆتای ڤیدیۆکەدا.



27 - Safar and Mustafa, *Hatra: The City of the Sun God,* pl. 133, p. 143.



**وینەکان لە شوێنی هاترا ئەوە پیشان ئەدەن کە هاوشێوەی ئەم دەم وچاوانە بەدیوارەکانەوەن لە هاترا.**

زانیاری زیاتر: دکتۆرە لوسیندا دێرڤین ئاماژەی بەوەداوە کە ئەو دەم وچاوانە قالبی ئەوانەی خوارەوەن. ئەم ماسکانە بەسەردیواری پەرستگا کانەوە دا ئەنران لە هاترا نەئەتوانرا بجولێنرێن.



*وێنەکە لەلایەن هەربیرت دیباسچەوە گیراوە.*

**هەڵۆیەکی گەورە ئەبینرێت کە ئەخرێتە خوارەوەو وردوخاش ئەکرێت. ئەم هەڵۆیەش گونجاوە لەگەڵ ڕەگەزی هونەری هاترای.**



وێنەکان لە بڵاوکراوەکاندا ئەوە پیشان ئەدەن کە ئەم داڵە پێکەوەنراوەتەوە، واتە بەپارچە پارچەی یەك خراوەتەوە، وەك دکتۆرە لەمیا گەیلانی پشتڕاستی ئەمە ئەکاتەوە.



داڵەکەی مۆزەخانەی موصلْ پێش لەناوبردنی، وێنەکە لە سەفەرو مستەفاوە لە کتێبی، هاترا شاری خواوەندی خۆر، وێنەی ١٣٣. ل.١٤٨.



*وێنەکە لەلایەن هەربیرت دیباسچەوە گیراوە*

سێ نەخشی بچوك پیشان ئەدرێت کە وێران ئەکرێن لە حولەکی (٤٦:٣). هەموویان وردوو خاشکران بە پیك و لە دیوارە کە دەرهێنران. هەموویان هی شاری هاتران، ئەوەی ناوەڕاست بڵاوکراوەتەوە لەلایەن سەفەرو مستەفاوە، ئەوەی لای ڕاست بڵاونەکراوەتەوە و ئەوەی لای چەپ بەهۆی ڕووناکی لەناو ڤیدیۆکەدا ناتوانرێت بناسرێتەوە بەڵام بەهۆی وێنەی تری ناومۆزەخانەکەوە دەردەکەوێت کە پەیکەری ئافرەتێکی پاڵکەوتوە.







*نەخشێك لە وێنەی کەسایەتیەکی سەربازیدا. لە سەفەر و مستەفاوە، کتێبی هاترا: شاری خواوەندی خۆر، وێنەی ٩٢ . ل.١١٦.*



*نەخشی ئافرەتێکی پاڵکەوتوو، وینەکە لەلایەن دیانی سیبراندت، وەزراەتی دەرەوەی ئەمەریکا، ٢٠٠٨.*



*نەخشێك ، وینەکە لەلایەن دیانی سیبراندت، وەزراەتی دەرەوەی ئەمەریکا، ٢٠٠٨.*

لەپشت دیمەنەکانەوە لە خولەکی (٠:٣٢) پەیکەری شێرێك ئەبینرێت: ئەم شێرە لەلایەن سەفەرو مستەفاوە بلاْوکراوەتەوە.[٢٨]



[28] -Ibid. pl. 187, p. 198.



*سەفەرو مستەفا، هاترا شاری خواوەندی خۆر: وێنەی ١٨٧ , ل ، ١٩٨٠.*

لە کۆتای ڤیدیۆکەدا ئەوە دیارنیە کە تێکشکێنرابیت، بەڵام پێئەچێت یەکێك بێت لەو پارچە ووردبوانەی لە خولەکی (٢:٤٠) دادیارن.



لە کۆتایدا، ئەو نەخشی داڵەی کە نوسینی لەسەرە لە لای چەپ لەپشت پەیکەرەکەی هیرقلەوە دیارە دیار نیە کە تێکدرابێت.

بۆزیانیاری زیاتر، دکتۆرە لوسیندا دیرڤن نوسیویەتی نەخشی هەڵۆکە لە کنەوپشکنینەکانی دەروازەی باکوری شارەکە دۆزراوەتەوە بەڵام بلاو نەکراوەتەوە هەتا ساڵی ١٩٧٩.[٢٩]

---

29 - Wathiq Isma’il al-Salihi, “Inscriptions from Hatra,” *Sumer* 34, No. 1 (1978): 69; al-Salihi, “Hatra – Excavations in the Southern Gate – A Preliminary Report,” *Sumer* 36, No. 1 (1980): 158-189, pl. 3-4 [both in Arabic]; Aggoula, *Inventaire des inscriptions hatréennes* (Paris: P. Geuthner, 1991), 155, pl.



**هەندێ وێنەی تر هەن لە مۆزەخانەکە پێش تێك چونی، پێئەچێت بەکەڵك بن.**



*وێنەکە لەلایەن دیانی سیبراندتەوە ، وەزراەتی دەرەوەی ئەمەریکا، ۲۰۰۸.*

گرنگە کە تێبینی ئەوە بکرێت کە کۆمەڵێکی زۆرتر پارچەی شوێنەواری مۆزەخانەی موصلّ هەن کەلە ڤیدیۆکەی چەکدارەکاندا بلاّو نەکراونەتەوە. بەشی هونەری شوێنەوارەکانی سەردەمی ئیسلامی بەهیچ شێوەیەك پیشان نەدراون، وەهەروەها کۆمەڵێکی زۆری شوێنەواری ئاشوریەکان لە ڤیدیۆکەدا دەرنەوکەوتون. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم شوێنەوارانە ڕزگاریان بوە. پێئەچێت لەناوبردنیان لە ڤیدیۆکەدا لابرابێت پێش بلاّو کردنەوەی. لەوانەشە ئەو شوێنەوارانە بەقاچاخ برابێتنە دەرەوە و فرۆشرابن لە بازراڕی کڕین و فرۆشتنی شوێنەواریدا یان پێئەچێت هەرلەمۆزەخانەکە مابێتنەوە.

بێگوێدانە ئەوەی، کە لە ڤیدیۆکەدا ئەیبینین لەدەست دانی لێکۆڵینەوە لە رۆم– ئەشکانیەکان لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاست بەتەواوەتی شتێکی وێرانکەرە.

سوپاسێکی تایبەتی بۆ دکتۆرە سوزان بۆت دابەزاندنی کۆمەڵێکی زۆری وێنەی مۆزەخانەکە پێش ویران کردنی، هاربیرت دیباسچ بۆ پێدانی ئەووێنانەی کە لەگەشتێکی گرتبونی، سوپاس بۆ دکتۆرە لەمیا گەیلانی سەبارەت بەزانیاریەکانی دەربارەی کۆپی شوێنەوارەکان لە ناومۆزەخانەکەدا، هەروەها سوپاسی دکتۆرە لوسیندا دیرڤین بۆ زلنیاری زیاتر لەسەر کۆپیەکانی مۆزەخانەکە و زانیاری لەسەر لیستی سەرچاوەکان.

## کۆتایی

لە کاتی وەرگێڕانی ئەم نوسینەدا بەشێوەیەکی گشتی دوو ئەنجام تێبینی کران: یەکەم، هەستکردن بە ئەوەی کە کەلە عێراقدا ژمارەیەکی زۆری هاولاّتیان بەگرنگیەوە لە شوێنەوارو ناواڕن و وەك شوێنێکی گرنگ بایەخی پێّنادەن. بەڵگەش بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە کە بۆ نوسینی ئەم بابەتە نوسەر زۆرترین سودی لەو وێنانە وەرگرتوە کە بیانیەکان لە کاتی سەردانیان بۆمۆزەخانەی موصلّ ئەو وێنانەیان لای خۆیان ئەرشیف کردوە، هیچ کەسێکی عێراقی بەدینەکراوە تاکە وێنەیەك بلاّو بکاتەوە کەپێشتر ئەو شوێنەوارانەی بینیبێت. هەروەها تەنها سەرچاوەیەك کە سودی لێوەرگیرابێت لەلایەن شارەزایانی ناوخۆوە نوسرابێت کتیبەکەی سەفەرو مستەفایە بەناوی ( هاترا شاری خواوەندی خۆر، ١٩٧٤).

ئەنجامی دووەم: ئەوەیە کە بوترێت کە یەکەمین کاری مۆزەخانە بریتیە لە ئەرشیف کردن، دۆکیومینت کردن لێکۆڵنەوە لەسەر کردن و بلاّوکردنەوەی ئەو کەل و پەلانەی کە ڕۆژانە دەستی دەکەوێت و یەتە ناو مۆزەخانەکەوە. ئەمەش لەبەر چەند هۆیەك : یەکەم لەکاتی کارەساتی سروشتی یان کاولکاری وەك ئەمەی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) کردی، ئەگەر وێنەو بەڵگەنامە نەبێت ئەوە ئەو کەل و پەلانە بۆ هەتاهەتایە مێژووەکەیان لەناو ئەچێت. دووەم: ئەگەر ئەو کەل و پەلانە بدزرێن ئەوا لە کاتی هەبونی زۆرترین وێنەو بەڵگەنامەدا ئاسانتر ئەتوانرێت سۆراخ بکرێن و ئومێدێکە بۆ گەڕانەوەیان، هەروەك چۆن کۆمەڵێك لەو پارچانەی مۆزەخانەی بەغداد بەهۆی ناسینەوەیان هێنرانەوە بۆ عێراق. ئەوەی تێبینی کرا هەندێك لەو شوینەوارانەی مۆزەخانەی موصلّ دۆکیومێنت نەکراون ئەگەر کرابێتیش ئەو دۆکیومێنتانە بەردەست نین. بۆیە کۆمەڵێك لەو پارچانەی مۆزەخانەی موصلّ تائێستا بێزانیاری ماونەتەوەو شتێکی ئەو تۆ لەبارەیانەوە نەزانراوە، ئەمەش وەك شارەزاییان ئەڵێن کارەساتە. بەپێی ووتەی د. ئەحمەد کامل بەڕێوەبەری گشتی مۆزەخانەکانی عێراق ژمارەی پارچە ڕەسەنەکان (اصل) ی مۆزەخانەی موصلّ کەلەناوچون بریتین لە ١٧٣ پارچە.

## وەرگێڕ

1- David Oates. Ezida: The Temple of Nabu. Iraq. Vol. 19, No. 1 (Spring, 1957), pp. 26-39. Published by: British Institute for the Study of Iraq. Article DOI: 10.2307/4199614. Stable URL http://www.jstor.org/stable/4199614. Page Count: 19.

2- J.P.G. Finch, "The Winged Bulls at the Nergal Gate of Nineveh," *Iraq* 10, No. 1 (Spring 1948): 9-18.

3- Jeremy Black and Anthony Green. Gods, Demons and Symbols of Ancient Mesopotamia.1992. British Museum. London.

4- Marjorie Caygill. The British Museum A-Z companion to the Collection. The British Museum Press. London.2012. p45.

5- Michael Sommer, *Hatra: Geschichte und Kultur einer Karawanenstadt im römisch-parthischen 6- Mesopotamien* (Mainz: Zabern, 2003), 75, pl. 106; Lucinda Dirven, "Aspects of Hatrene Religion: A Note on the Statues of Kings and Nobles from Hatra," 209-246 in *The Variety of Local Religious Life in the Near East in the Hellenistic and Roman Periods* (Leiden, Netherlands: Brill, 2008), 220-221.

6- Safar and Mustafa, *Hatra: The City of the Sun God*, 23, pl. 4.

7- Safar and Mustafa, *Hatra: The City of the Sun God,* pl. 102 p. 125.

8- Safar and Mustafa, *Hatra: The City of the Sun God,* pl. 133, p. 143.

9-Safar and Mustafa, *Hatra: The City of the Sun God,* pl. 187, p. 198.

10-Safar and Mustafa, *Hatra: The City of the Sun God,* pl. 19, p. 75.

11- Safar and Mustafa, *Hatra: The City of the Sun God,* pl. 24, p. 78.

12-Safar and Mustafa, *Hatra: The City of the Sun God*, pl. 250, p. 256-257.

13- Safar and Mustafa, *Hatra: The City of the Sun God,* pl. 84, p. 110.

14- Safar and Mustafa, *Hatra: The City of the Sun God*, pl. 88, 89, 90, p. 113-115; Lucinda Dirven, "**A Goddess with Dogs from Hatra**," in *Animals, Gods and Men from East to West. Papers on archaeology and history in honour of Roberta Venco Ricciardi*, A. Peruzzetto, F. Dorna-Metzger, L. Dirven (eds.), [BAR 2516] (Oxford 2013), p.147–160, pl. 8.

15- Shinji Fukai, "The Artifacts of Hatra and Parthian Art," *East and West* 11, No. 2/3 (June-September 1960): 142-144, pl. 2-3; Fu'ad Safar and Ali Muhammad Mustafa, *Hatra: The City of the Sun God* [Arabic title al-Ḥaḍr, madīnat al-shams] (Baghdad: Wizarat al-I'lām, Mudīrīyat al-Athār al-'Āmmah, 1974), 197-198, pl. 208-210.

*16- Syria* 64. No. 3/4 (1987): 223-229; J.B. Segal, "Arabs at Hatra and the Vicinity: Marginalia on new Aramaic Texts," *Journal of Semitic Studies* 31 (1986): 57-80; Klaus Beyer, *Die aramäischen Inschriften aus Assur, Hatra und dem übrigen Ostmesopotamien* (Göttingen: Vandenhoeck & Ruprecht, 1998), p. 90.

17-Wathiq Isma'il al-Salihi, "Inscriptions from Hatra," *Sumer* 34, No. 1 (1978): 69; al-Salihi, "Hatra – Excavations in the Southern Gate – A Preliminary Report," *Sumer* 36, No. 1 (1980): 158-189, pl. 3-4 [both in Arabic]; Aggoula, *Inventaire des inscriptions hatréennes* (Paris: P. Geuthner, 1991), 155, pl. . Inscription published in: Basile Aggoula, "Remarques sur les inscriptions hatréennes (VI)," *Syria*58. No. 3/4 (1981): 363-378; Aggoula, "Remarques sur les inscriptions hatréennes.

ویبسایتەکان

1- http://whc.unesco.org/archive/advisory_body_evaluation/277.pdf.
2- http://whc.unesco.org/en/list/277.
3- http://www.britishmuseum.org/explore/highlights/highlight_objects/gr/m/statue_septimius_severus.aspx.
4- http://www.britishmuseum.org/explore/online_tours/middle_east/the_sasanians/shapr_I_and_the_fight_against.aspx.
5- www.metmuseum.org/toah/works-of-art/32.143.2.

سەرچاوە عەرەبیەکان

١- بارو ، اندريه ، بلاد اشور ونينوى وبابل ، ترجمة عيسى سلمان وطه سليم ، بغداد ، 1980 ، ص 240 .
٢- عمارة القصر الملكي في العصرالآشوري الحديث. خلف زيدان خلف سلطـان الحديدي. رسالة ماجستير غير منشورة .٢٠٠٥. موصل. لا٬ ١٠.
٣- هارى ساكز. عظمة اشور. وەرگیرانی لەلایەن خالد اسعد عيسى و احمد غسان سبانو . دمشق. ٢٠٠٣. لا٬ ٤٦٨.
٤- سفرفؤاد و محمدعلى مصطفى. الحضر مدينة الشمس. وزارة الاعلام. مديرية الاثار العامة.